ئا: دیار سالار





# هێڵی فریاکەوتنی منداڵ

## لە نێوان کاریگەرییە سلبی و ئیجابییەکانی

**هێڵـی فریاکەوتنـی منداڵان یەکێکـە لەپرۆژەکانـی وەزارەتـی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کـە ماوەیەکی کەمە وەك دەزگایەکی نوێ دەسـت بەکاربووە، هەر لەیەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە کاردانەوەی جیاواز دەربارەی دروستبوو، هەندێك بە پرۆژەیەکی سـەرکەوتووی دەزانن، هەندێکی تر بـە پرۆژەیەکی کۆپیکراوی ڕۆژئـاوای دەزانن و ئاماژە بەوە دەدەن کە هەرگیز ئەم پرۆژەیە ناتوانێت کێشـەکان چارەسـەر بکات و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر دەکات و کۆمەڵگـەش بـەرەو هەڵدێـر دەبات.**

سـەبارەت بەچۆنیەتی کارکردنی هێڵی فریاکەوتنی منـداڵ زەیتـۆ تۆفیـق بەڕێوەبـەری چاودێری کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا کە هێڵی فریاکەوتنی منداڵان یەکێکە لە مافە سـەرەکییەکانی منداڵان و دەشڵێت: یەکێك لەبەندە هەرە سەرەکیەکانی جاڕنامەی جیهانـی مافی منداڵ ئەوەیە کـە منداڵ بتوانێت بەدەنگی خۆی کێشـەکانی بۆ لایەنـی پێوەندیدار باس بکات، لەڕێگەی ئـەم هێڵەوە منداڵان دەتوانن دەنگی خۆیان بگەیەننـە لایەنە پێوەندی دارەکان و بەهۆیەوە کێشـەکانیان بۆ کەسـانی شارەزاو پسپۆر شـی بکەنەوە، چونکە هەتا ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەتوانراوە وەك پێویست گرفت و قەیرانەکانی منداڵ لەلایەن دایك وباوکانەوە چارەسەر بکرێن لەبەر ئەوەی کە خێزانەکان ئاسـتی هۆشیارییان بەو جۆرە نییە کە بتوانن لە ئارەزو و خواسـتەکانی منداڵانیان تێبگەن).

زەیتـۆ ئاماژە بەسـوودەکانی ئەم هێڵـە دەکات و سـەبارەت بە گرنگیی بۆ خێزان دەڵێت:(ئەم هێڵە بە وردی لەلایەن پسـپۆران و شارەزایانەوە سەرپەرشتی دەکرێت و سوودی زۆری هەیە بۆ هەموو خێزانەکان و کێشـەکانیان بۆ چارەسـەر دەکات، لەبەر ئەوەی دوور نییـە هەندێکجار منداڵەکە خۆی خەتابار بێت و دایـك و باوکەکە لەسـەر هەق بـن، بۆیە کاتێك پێوەندی و ڕاوێژکاری لەگـەڵ هێڵی فریاکەوتنی منـداڵ دەکرێت، کارمەندانی ئـەو هێڵە لەڕێگەی ئـەو پێوەندییەوە کۆمەڵێك شـێوازی مامەڵەکردنی منداڵ لەگەڵ خێزانەکـەی فێر دەکات، لەم حاڵەتەدا کێشـەکەی خێزانەکە چارەسـەر دەبێت و منداڵەکەش سوودمەند دەبێت).

زەیتۆ تۆفیق تیشـك دەخاتە سەر ئەوەی کە یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەم پرۆژەیە پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـە بۆ کەسـوکاری منداڵـە نەخۆش و کەمئەندامـەکان و دەڵێت «هەمـوو دایك و باوکێك دەتوانـن زانیاری لەم هێڵە وەربگرن، بۆ نموونە باوکێك منداڵەکـەی کەمئەندامە دەتوانێـت تەنیا لەڕێگەی تەلەفۆنەوە زانیاری لەسـەر هەمـوو پەیمانگاکانی کەمئەندامان و سـەنتەرەکانی شیاندنی کەمئەندامان وەربگرێت و بەبێ ئەوەی هیـچ ماندووبێت، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ چارەسـەرکردنی گرفتی ئەو خێزانانەی کە منداڵی کەمئەندامیان هەیە).

لای خۆیەوە هەلاڵە کەمال توێژەری دەروونی ئاماژەی بەخاڵە ئیجابی و سلبییەکانی ئەم پرۆژەیە کرد و پێیوایە دانانی هێڵێکی تایبەت بۆ منداڵان لایەنی سـلبی و ئیجابی هەیە، سـەبارەت بەلایەنە سلبییەکانی دەڵێت: لـە کۆمەڵگەی ئێمەدا پرۆژەیەکـی لەم جۆرە نوێیە، ڕەنگە ئاسـەوای خراپی هەبێت، چونکە هۆشـیاری تاکەکان نەگەیشـتۆتە ئەو ئاستەی پرۆژەیەکی وەها قبووڵ بـکات، بۆ نموونە زۆرجار منـداڵ هەڵەیەك دەکات و لە خێزانەکەی یاخی دەبێت، وا هەست دەکات هێڵی فریاکەوتن پاڵپشتیەتی و بەرگری لێدەکات، لەو کاتەدا پێوەندی دەکات، واتـا کاتێك منداڵ ئەو هێڵە شك دەبات، هەوڵی ئەنجامدانی کاری خراپ دەدات، وا دەزانێت ئەگـەر کاری خراپیش بکات، ئەو هێڵە بەرگری لێدەکات.

سـەبارەت بە لایەنە باشـەکانی ئەو هێڵـە دەبێتە هۆکارێـك بۆ بەهاناوە هاتنی ئـەو منداڵانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، جا لە قوتابخانە بێت یان لەناو خێزان یان لەهـەر جێگەیەکی تردا، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو کەسـانەی کە لەم پرۆژەیەدان و بەڕێوەی دەبەن کەسـانی پسپۆر و شارەزا بن، هانی کۆمەڵگە بدەن بایەخ بەمنداڵان بدرێت.

هاوکات ئەمەل عەلی مامۆستای بنەڕەتی ئاماژەی بە خاڵە سـلبییەکانی کردنەوەی هێڵی فریاکەوتنی منداڵ داو وتی :(کردنەوەی هێڵێك بۆ پاراسـتنی منداڵان لـەم کاتەدا هیچ پیویسـت نییە، چونکە بەهۆی کەمی ئەزموونمان لە بوارە ڕۆشنبیریەکاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشەی جۆربەجۆر دەبینەوە و ئەگـەری زۆر هەیە دەرئەنجامی پێویسـت نەدا بەدەستەوە)).

ئەمـەل ئاماژەی بـەوەدا بەرلەوەی ئـەم پرۆژەیە جێبەجێبکرایە خاڵی زۆر گرنگ هەبوو دەبوو ئەنجام بدرایە، بـۆ ئەوەی هەنگاوەکانی پرۆژەکە ئاسـان بوونایەوە و دەشـڵێت: لەگـەڵ هەنگاوی لەو جۆرە پێویستمان بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە هەیە تا بتوانین زەمینەیەکی لەبار بۆ کۆمەڵگە دروسـت بکەین بۆ ئەوەی لە نۆرمەکانی ئەم پرۆژەیە تێبگات، چونکە پێویسـتە منداڵان بزانن لەچ حاڵەتێکدا پێوەندی بە ١١٦ـەوە دەکەن و چۆن سوودی لێوەردەگرن)).

خامــۆش و دکتــۆر حوســێن لــەو گەمییە چارۆکــەدارەدا بــوون کە بەقاچاغــەوە لەڕێی ئەندنوســیاوە بۆ ئوســتراليا دەيــان کۆچبەری نایاســایی هەڵگرتبــوو، زۆر بە ســانایی لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاودا، لەبەر لرفەو شەپۆلی ئۆقیانووســی هادیدا، ڕێڕەوی خۆیان گوم کردبوو، لەو شــەوەدا ئۆقیانووس بەوشوێنە تاریکانــە دەچوو گەر کەســێك لەخەونیشــیدا بیدیتبایە، هەســتی بە تــرس و ونبوون دەکرد، لەو زوقمەســڕەدا وەختبوو هەمووان کەسیرەبن، خامۆش کە هەمووی سێ مانگێك دەبوو شووی بــە دکتۆر کردبوو، بــە دووگیانییەوە ڕێی ئەو سەفەرە سەختەی گرتبووەبەر، دکتۆر قەمسەڵە چەرمەکەی خۆیشی بەسەرشانی خامۆشا دابوو، خامۆش بە لێوە لەرزینــەوە وتبووی: ڕێڕەوەکە نادۆزرێتەوە، ڕێمان پێنادەن بگەین، بۆ وامان بە خۆمانکرد؟

نەختێك نانی برسیشکێن لە گیرفانی جانتاکەیان مابــووەوە، دکتۆر بەو ژنەی تەنیشــتیانی داوە کە منداڵە ســەرما بردەڵەکەی کۆشی لە برسانا دەنووزایــەوە، کەتەماشــای مناڵەکەی کردووە تیکەی نانەکەی قووت نەئەداو هەر دەگریایەوە، لەڕاستیدا دوای چەندین شەو و ڕۆژی ناو تافە تافی شەپۆلەکانی ئۆقیانووس، برسێتی تەنگی بە هەمــوو سەرنشــینەکان هەڵچنیبوو، دوای تاوێك ژنێکی خەڵکی کەربەلا کە ئەویش لەگەڵ خانەوادەکەیدا بوو لە زیرژنی داوەو قیژاندویەتی: ئەویلاخ یوما ڕاحەت عەلێننا دونیا.

خامۆشــیش لە ترس و ســەرمادا دەیەویســت وەك ئــەو بزریکێنێــت، کەچی نــووزەی لەبەر بڕابوو، ڕاڕەوی گشــت جەمسەرەکان لە هەموو لایەکەوە تاریــك و تنووك ببون، دکتۆر کە لەناو خانەوادەیەکی خانەدانی عارەبی شاری سەماوەدا پەروەردەکرابوو، زۆری لەخۆی دەکرد خۆڕاگربێت و نەگرییە، ئەم لە ســاڵانی شەستەکاندا دوای ئــەوەی داك و بابە دوورخراوەکــەی لە بیابانی نوگرەتولسەلمان گیانیان سپاردبوو، خانەوادەیەکی دەوڵەمەنــدی عارەبەی خەڵکی ســەماوە هەر لەڕێی خوا، ئەمیــان بە مەلۆتکەیی هەڵگرتبۆوەو ناویان لێ نابوو سەید حوسێن، بەڵام کاتێك کۆلێژی پزیشــکی زانکۆی بەغدایان بە ســەید حوســێن تەواوکردبوو، ئەوجا ڕاســتێتی بنەچەی خۆیان پێ وتبوو، کە ماڵباتی وی بە ڕەسەن کوردن و شەهیدی دەستی غەدر بوون، سەید حوسێنیش کاتێك بەدوای سۆراغی کەســوکاری باوانیدا هاتبووە سولەیمانی، ماوەیەك لە نەخۆشــخانەکاندا تیماری نەخۆشانی دەکردو دواتر یەکێك لە خزمانی باوکە شەهیدەکەی خۆی لەگەڕەکی دەرکەزێن دۆزیبووەوەو ئەم خامۆشە زراف و شــیرینەی لێ خواست بوون کە ئێستا لە زەریای هادیدا لەناو تاریکییەکی شەپۆلدارداو بەسەر گەمییەکەوە هەڵتوتاون، سەید باوەشی بە خامۆشدا کردو زۆر بە توندی دەستی یەکتریان گرت و هەستی دەکرد لە هەموو وەختێ زیاتر ئەم و منداڵەکەی ناو ســکی خامۆش کە پاشەڕۆژن و ئەو دایك و باوکە نەدیوەی خۆیشــی کە ڕابردوون خۆشدەوێن، باوانی بــە زەبرو زۆرداری ڕژێمی ئەوســای دژبە کورد، لە تینوییەتیدا لەناو بیابان خنکابوون، وادیارە ســی و سێ ســاڵێك پاش تێپەڕینی ئەو ڕووداوە، ئێستا لەناوچەوان و تەختی بەختی ئەمیش نووسراوە کە ئەم و هاوسەرە خۆشەویستەکەشی وا لەناوشەپۆلەکانی ئاودا بە شــەکەتی لەناو زەریادا بخنکێن، بە لوورە لــوور بایەکی توند هەڵیکــردو وەك دێوەزمە پاڵی بــە گەمییەکەوە دەنا، جارێك بۆ پێشــەوەو جارێك لە تەنیشــتەوەو جاریش هەبــوو گەمییەکەی وەك گەڵایەکی ناو گێژەنگی سەرئاو کەوتوو لە شوێنی خۆی دەخولانەوە، چاوی سوورو ترسێنەری ماسییە قرشــەکان خۆیان لە مەڵاس دا بۆیان، بروسکەکانی ئاســمان و ئەو چاوە ئەهریمەنیە بریقەدارانەی ناو زەریاکە خامــۆش و دکتــۆری دائەچڵەکاند، لەو جەنگەی شــەوەدا هەمــووان کەوتبوونە لووشــی لووشــی گریان، لە پڕ گوێبیستی نرکەو قرچەی تێکشــکانی دارو پــەردووی گەمییەکــە بوون و شەپۆلێك ئاو باڵ و ســنگی هەڵبڕی و نالاندییە ســەر گەمیی و سەرنشــینەکانی لــە تەمومژدا نغرۆکردو دوای تێکوپێك شــکانی هەموو شتێك بە قیژەو ناڵەو گریانەوە کە دەنگیان لەئاســت دەنگی توورەیی زەریادا لە چپە چپی ناو تەرچك دەچوون، هەندێك لە سەرنشــینەکان سەرئاو کەوتنەوەو بەفیزاح و گریانەوە بانگیان لە یەکتریــی دەکرد، یەکێك لەو دەنگانە نوزەنووزی خامۆش بوو: وێنەك ســەید، ئەرید ئەشــوفەك، ســەید لا تترکینی وەحدی. لا لا. نا توخوا نا، دایە گیان تۆ لە کوێی...توخوا فریای ســەید بکەون، کوانێ..سەید. ئنتە وێنەك سەید. دایە. توووخوا. خوایەگیان هاوار....

شــەپۆلەکانی زەریا، سەیدی لووش دابوو، هیچ پێگەیەکیش بــۆ خامۆش نەمابــووەوە تا پێی لەســەر دابنێت، بە حاڵە حاڵ خــۆی گەیاندە تەختەدارێك و ئامێزی پێداگرت، وا خۆی دەهاتە پێش چاوان سمۆرەیەکی بریندار تۆقیوەو خۆی بە تاڵەپووشێکی دەم تاوەرە بەردێکی هەڵدێرێکەوە گرتبێتەوە، لە خوارەوەشی خەرەندێکی هەزار بە هەزاری تاریکەو هەژدیهای لێ دەفیشــکێت، ماسیەکی قرش ددانەکانی لە دامێنی کراسەکەی خامــۆش گیرکردو هــەر دەیزریکاندو تەختەکە ســەربەرەوژێر خامۆشــی نغرۆی ئاوەکە کرد، خوێنێکی ڕەنگ هەناریی سەرئاو کەوتووو...

ئەمە کۆتایی ئەو بەســەرهاتە بوو کە لە ساڵی دووهەزاردا، لەو هــەژدە خێزانە عیراقیە قەوما، کە بە گەمییەکەوە کۆچیانکردبوو بۆ ئوسترالیاو زۆربــەی زۆریان لەناو زەریادا خنکان و جگە لە چەند کەســێکیان نەبێت کە لە لایەن پۆلیســی دەریاوانی ئەندنوســیاوە پــاش ڕۆژێك لە دوای ڕووداوەکــە ڕزگارکرابوون و لــە وتەی یەکێك لە ڕزگاربووەکانەوە باســی دکتۆر سەید حوسێن و خامــۆش خــان کرابوو کە ئەو کەســە خۆی شایەتحاڵی بەســەرهاتەکە بووەو دوا ساتەکانی ڕۆح ســپاردنی هەردووکیانی بە چاوانی خۆی دیتووە. هەروەها هــۆکاری گومبوونیانی لەناو زەریاکەدا بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە کەشتییەکی پۆلیســی ئوســترالی گەفــی لێکــردون تا بگەڕێنەوەو نەچنە نزیك کەنارەکانی ئوستراليا، بە کشــانەوەی گەمییەکە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە قەوماوە.

# ئەو گەمییە چارۆکەدارەی نەگەیشتە ئوستراليا



# بوونی ئافرەت لەنێوان

لەڕۆژگارێکی هاوچەرخدا، سـەرەڕای نەبوونی هیچ بەربەسـتێکی یاسایی و دەسـتووری بۆ بەشداری کردنی ئافرەت لەبڕیاری سیاسـیداو بوونیان بەسەرکردە، بەڵام بەگشـتی ڕێژەی ئافرەت لەسیاسەتدا لەکوردستانی عێراقدا زۆر کەمە. گەر هەشـبێت وەکو پیاو ناتوانێت بەشدار بێت لەبڕیارە سیاسییەکاندا، بەداخەوە تاکو ئێستا ئافرەت پێگەیەکی گرنگی نەبووە گەر ئەو پێگەیەشی پێدرابێت، تەنیا وەکو ئێکسسوارێك بەکارهێنراوە بۆجوانکردنی سیاسەت.

**ئافرەت و سیاسەت**

نووسەر و شـاعیر مهاباد قەرەداغی پێیوایە لەم بەشـەی کوردسـتاندا بەشداری ئافرەت لەسیاسـەتدا ڕووکەش و بێ کاریگەریشـە، دەشـڵێت «بەباوەڕی من ئەو هەلومەرجەی کە ئێسـتا لەکوردسـتاندا سیاسـەتی تێدا پیادەدەکرێـت، بەشـدار نەبوونـی ئافرەت لەسیاسەتدا باشترە و لەبەرژەوەندیدایە، چونکە مەخابـن کەلتوورێکی سیاسـی زۆر نامۆ بەهونەر و زانسـتی سیاسەت پیادە دەکرێت و پێوەرەکانی سیاسەت لەوڵاتی ئێمەدا پێوەندییان بەلۆژیکـەوە نییـە و میزاج دەستنیشـانی دەکات. کەشـی سیاسـی زەلکاوێکـە لە ململانێی ناتەندروست، بۆیەمن پێموایە کە ژن لەکوردستاندا بەشداری سیاسەت نییە، زەرەری نەکـردووە. هەروەها چنار سـەعد عەبدوڵڵا ئەندامی سـەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەڵێ «لەکۆمەڵگەیەکی خاوەن سستمی پیاوسـالاری، ئەوەندەی متمانە بەپیاو دەدرێت بۆ کاری سیاسی و بەرپرسیاریەتی باڵا، ئەوەندە بەئافرەت نادرێت. هەر بۆیەشە ئافرەتان خۆشیان وەك پێویست خۆیانی لێ نادەن».

**ئافرەت بکرێت بەسەرکردەش ناهێڵدرێت هیچی لەدەست بێت**

ئافرەتی کورد، شانبەشـانی پیـاو لەزۆربەی بووارەکانی ژیاندا کاردەکات و وێڕای ئەو هەموو ئاستەنگە سیاسـی، ئابووری کۆمەڵایەتیانەی بۆی دروست دەکرێت، هەندێك جاریش لەڕەگەزە ڕکابەرەکـەی زیرەکتریشـە دەتوانێـت ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لەگۆڕانـکاری کۆمەڵگە و دەتوانێت وەکو قیادیـەك کاربکات، بەڵام لەبەر بوونـی پیاوسـالاری و دابونەریتی کومەڵگە، ڕێگا بەئافرەت نادرێت ببێتە سـەرکردە. مهاباد قەرەداغی لەم بارەیەوە دەڵێت «ئافرەت دەتوانێ ببێتە سـەرکۆمار و و سـەرۆک وەزیرانیش، بەڵام لەکەشـوهەوایەکی تەندروستی سیاسیدا نـەک لەکەشـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت. لەکوردسـتاندا و لەم هەلومەرجەی ئێستا و بەو هزر و ئاوەزەی کە سیاسەتی پێ بەڕێوە دەچێت، ئافرەت بکرێت بەسەرکردەش ناهێڵدرێت هیچی لەدەسـت بێت. بەڕووکـەش لەناوەندی بڕیارە، بەڵام بەداخەوە بەشـداری بڕیاڕی سیاسی نییە و هیچی لەدەسـت نایەت، لەڕووی سەلماندنی ئەم قسەیەوە، کێشەی بەڵگەمان نییە، دەتوانین بۆچوونەکانمان بەڵگەدار بکەین و ئەوە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستیمان دەبێت».


**تائەم ساڵانەی دوایی ئافرەت نەیتوانوە بچێتە ناو قیادەی سیاسی حزبەکان**

بەشـداربوونی ئافرەت لەسیاسەتدا وەکو بوونی ئێکسسواری سیاسەتە بۆئەوەی سیاسەت پێیەوە جوان بێت، سیاسەت شانازی بەئافرەتەوە بکات. لەمبارەیـەوە ئەندامـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەفراکسـیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی ئاڵا تاڵەبانی دەڵێت «بەداخەوە لەناو سیاسەتدا



# سیاسەت و ئێکسسواردا


ئاڵا تاڵەبانی


چنار سعد


مهاباد

تائێستا ژن پێگەی گرنگی نەبووە، من پێش ئەوەی گلەیی لەپارتە سیاسییەکان بکەم وەك ئەندامێکی سیاسی ناو حزبێکی دەستەڵاتدار دەڵێم پارتە سیاسیەکانی ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتە علمانیە ئازادی خوازەکانن بەدرێژای مێژووی خەباتیان ژنیان تێدابووە و بەردەوام هەمیشە لەشاخ و لەشار ژنیان تێدابووە، باوەڕیان بەئافرەت هەیە، بەڵام بەداخەوە تائەم ساڵانەی دوایی ئافرەت نەیتوانیوە بچێتە ناو قیادەی سیاسی ئەم حزبانەوە، لەبەر ئەوەش ئەگەر ئافرەت پێگەی سیاسی گەورەی نەبێت، لەناو حکومەتیشدا هەر بەدیکۆر دەمێنێتەوە، لەبڕیارە سیاسییەکانیش».

چناریش ئەوەشی خستەڕوو، بەگشتی فەرهەنگی کۆمەڵگە لەلایەك، و تواناو لاوازی خولیای ئافرەتان بۆکاری سیاسی و دەوڵەتداری لەلایەکی تر، بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەیەك لەو ئافرەتانەی کە دەگەنە ئاستە بەرزەکانی بڕیاردان، لەلایەن پیاوانەوە زیاتر وەك دیکۆر و کەرستەی جوانکاری سەیر بکرێن.

**ئافرەت بەگوڵی سەر مێزی پیاوان دادەنرێت لەسیاسەتدا**

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح چالاکوان لەبواری ئافرەتان و ڕاگەیاندنکار دەڵێت «ئافرەت وەك دەستەگوڵێك لەسەر مێزی پیاو دادەنرێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە هی پیاوانە، کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە لەبەر ئەوە هیچ ڕێزێك بۆئافرەت دانانێت، ئەو ژنانەی کە دەگەنە دەستەڵات دەسکە گوڵی پیاوانن لەبەر ئەوەی ئەگەر وەك پیاو بیرنەکەنەوە، ئەوا جێیان نابێتەوە و ئەگەر تەماشا بکەین لەڕاگەیاندندا چەند ژنمان هەیە، بەڵام چەند ژن لەپلەکانی دەسەڵاتدا هەن، لەبەر ئەوەی هەرگیز ڕێگە بەژن نادرێت تواناکانی بەرجەستەبکات و هەمیشە کۆمەڵگە بۆپیاوان خولقاوە، ژنەکانی دەسەڵاتیش وەك گوڵی سەرمێزی پیاوانن».

مهاباد قەرەداغی ئاماژە بەوەشدەدا کە لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا ژن کە بەشداری سیاسەتە، بەشداری بڕیاڕی سیاسییە، ئەوە لەوڵاتانی نەریتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ئافرەت وەک دیکۆر و ئێکسسوار بەکار دەبرێت بۆ جوانکردنی ڕووی دەرەوەی سیاسەت. لەڕاستیدا ئەو ئافرەتانەی کە لەکوردستانیشدا کراون بەسەرکردە، خۆیان پێش هەموو کەسێک دەزانن ئەوان نە پرسیان پێ دەکرێت و نە بەقسەیان دەکرێت، بەڵام بوێری ئەوەیان تێدا نییە بەرهەڵستی بکەن. یەکێک لەسیفەتە سەرەکییەکانی سەرکردە چ بۆ ژن و چ بۆ پیاو بوێری و دلێرییە، ئایا بچووکترین بوێری و دلێریمان لەم سەرکردە ئافرەتانە دیووە کە لەدوو ساڵی ڕابردوودا لەکۆنگرەی حزبەکاندا بەسەرکردە تەعین کران.

